# یەکێتی
# ئافرەتانی کوردستان
# بناسە

د. ڤیان سلیمان
سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

2019

# پێرست


پێشەکی ......................................................١

• بەشی یەکەم : دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ......................................................... ٢-٦

١-کەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزراوە؟....٢

٢-پێناسەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چییە؟......٢

٣-هەلومەرجی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چۆن بووە؟.........................................٢

٤-قۆناغەکانی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چیبون؟...........................................٢-٣

٥- بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی کەی و لە کوێ بوون؟....................................................٣-٥

٦-ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چیبوو؟.........................................٥

٧-ئەندامبوون لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی تێیدا چۆنە؟....................٥

٨-بنکە و ئۆرگانەکانی لە کوێن و چون پێیان دەگەیت؟ .....٦

• دووەم : جیهانبینی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ......................................................................... ٧-١٠

١-ڕەگ و ڕیشەی هزری لە پشت دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چییە و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی یەکێتی ئافرەتانی دامەزراند؟...............................................................٧

٢-ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسی ئافرەت چییە؟.........................................٧-٨

٣-فیمینیزم چییە و ئایا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نوێنەرایەتی بزووتنەوەی فیمینیزم دەکات لە هەرێمی کوردستان؟.........................................٨

٤-یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ چ داهاتویەک بۆ ئافرەتانی کوردستان کار دەکات؟.........................٨-٩

٥-ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان چیە؟...............................٩

• سێیەم : ئەرک و شانازیەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ..........................................................١٠-١٢

١-دەسکەوت و شانازییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چین؟......................................................١٠

٢-ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چ شانازیەکیان پێدەبرێت؟.....................................١٠-١١

٣-کادری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کێ دەبێت و دەبێت چۆن بێت؟.......................................................١١

٤-کادری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چۆن کار لەسەر خۆپێگەیاندن دەکات؟.............................١١-١٢

# پێشەکی

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان «٦٦» ساڵە بەبێ دابران لە خزمەتی ئافرەتانی کوردستان دایە و بەردەوام هەوڵی داوە بە بەرنامەی نوێ پەرە بە کاری رێکخراوەیی خۆی بدات، دەستکەوتی گرنگ بۆ ئافرەتانی کوردستان بە دەست بهێنێت و رێکخراوی هەموو ئافرەتانی کوردستان بێت بەبێ جیاوازی بیروڕا و جێگەو پێگە، ئەوەش ڕوونە کە بەردەوامی و سەرکەوتنی بەستراوەتەوە بە نزیکبوونەوەی لە زۆرترین ژمارەی ئافرەت و سەردانی زۆرترینیان بۆ بنکەو ئۆرگانەکانی و بەدەنگەوە هاتنیان بۆ داوا و بانگەوازەکانی. گەیشتن بەم خواستانەو بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی رێکخراو، وا پێویست دەکات رێکخراو کادرانی خۆی لە ڕووی فیکرییەوە ئامادە بکات و ئاشنایان بکات بەوەی، کەوا لە چ جۆرە رێکخراوێک کار دەکەن و چی بەرپرسیاریەتییەک لە ئەستۆیان دایە، زانایان بکات بە مێژووی رێکخراو و ئامانجەکانی دامەزراندنی، هزریان پاراو بکات بە چوارچێوەی فیکری رێکخراوەکە بۆ پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستانی و بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی کوردستان.

لە سۆنگەی هەستکردنم بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەم رێکخراوە دێرینە، ئەم نامیلکەیەم بە پێویست زانی وەک هەوڵێک کە درێژەی هەوڵەکانی دیکەمە لە ماوەی کار کردنم وەک سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چ لە میانی کاری رۆژانە و

پەیوەندی راستەوخۆم لەگەڵ ئافرەتان و ئەندام و کادران چ لە رێگەی دیدار و سیمینار یاخود بابەت و چاوپێکەوتنە میدیاییەکان، ئەم هەوڵەش دەسپێکە بۆ پرۆژەیەکی بەرفراوان بە مەبەستی پەروەردە کردنی کادرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لەسەر بڕوا و ئامانجەکانی رێکخراو لە رێگەی بڵاوکراوە فیکرییەکانی خودی رێکخراو، کە ئەم نامیلکەیە هەنگاوی یەکەمە و هەنگاوی دیکەی بەدوادا دێت، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەک رێکخراوێکی خۆفێرکار بێت و خۆی کادرانی خۆی پەروەردە بکات .

نامیلکەکە دابەش کراوە بۆ سێ بەش: بەشی یەکەم مێژووی دامەزراندن و ئەو قۆناغە پڕ سەروەریانەی کە یەکێتی ئافرەتان دەربازی بووە لە خۆ دەگرێت. بەشی دووەم: ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسی ئافرەت و پرسە نیشتیمانییەکان ڕوون دەکاتەوە. بەشی سێیەم: دەسکەوت و شانازییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و سیماکانی کادری یەکێتی ئافرەتان لە چەند خاڵێکدا دیاری دەکات. ئەم بەشانە ورد کراونەتەوە بۆ چەند خاڵێک و لە شێوەی پرسیار و بە شێوەیەکی سەرەتایی وەڵامی پێویست دراونەتەوە. هیوادارم ئەم بڵاوکراوەیە ببێتە مایەی سود و ئاگایی پتر بۆ کادران و خزمەتێک بە مێژووی پڕشنگداری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

رێز و خۆشەویستی

د.ڤیان سلیمان

٣١/ ڕێبەندان/ ٢٠١٩

بەشی یەکەم

## دامەزراندنی
## یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

**١-کەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزراوە؟**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٥٢/١٢/١١ بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا. لەبەر نالەباری بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە نەتوانرا کۆنگرە ببەسترێ بەڵکو بە شێوەی ڕاوێژکاری دەستەی بەرێوەبردن پێک هێنرا. بەئامادەبوونی ١٠ ئافرەت لەوانە: درەخشان جلال حەفید، سورەیای مەلا گەورە ، ناجیە خانی مستەفا فەندی موفتی ، ناجیە خانی میرزا غەفوور، ناهیدەخانی میرزا غەفوور ، ئەفتاو کەریم ، مەدیحە محەمەد کەریم) ، کە هەتا ساڵی ١٩٥٨ بە شێوەی نهێنی و کۆمەڵ لە سنووری سلێمانی کاریان کردووە بێ ئەوەی کەسێکیان ناونیشانی سکرتێری یا خود بەرپرسی هەبێت. لە ناوچەکانی دیکەش هەندێ گرۆپی دیکە هەبوونە وەک خانەقین ، کەرکووک و زاخۆ، بەڵام یەکتر ناسین لە نێوانیاندا نەبووە.

**٢- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە چ هەلومەرجێکدا هاتە دامەزراندن ؟**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە هەلومەرجێکی ناهەمواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە، ناهەموار لە ڕووی سیاسیەوە، کە پشێوی لە ناوچەکەدا هەبووە و داگیرکەر تەنگی بە کوردستان و دانیشتوانەکەی هەڵچنی بوو، سیاسەتی داپڵۆسین و قەلاچۆ کردنی پیادە دەکرد و دەنگی ئازادی

کپ دەکرد، ناهەموار لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە کۆمەڵگەیەک بوو نەریتی پیاوسالاری، جیهانبینی زۆرینەی تاکەکانی تەنی بوو.

**٣-پێناسەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چیە ؟**

ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی ئافرەتانی کوردستانە، لە چوارچێوەی بزوتنەوەی فیمینیزمی جیهانی کار دەکات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ئافرەت و برەودان بە تواناکانی و هاوبەشیکردنی لە بەڕێوەبردن و ئامادەبوونی لە پانتاییە کلتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە.

**٤- قۆناغەکانی دامەزراندنی چی بووە؟**

قۆناغی یەکەم : ١٩٥٢-١٩٥٨: قۆناغی بە نهێنی کارکردن بووە.

قۆناغی دووەم : ١٩٥٨-١٩٦١: قۆناغی خۆئاشکرا کردن و خۆپێگەیاندن و کردنەوەی بارەگا لە ناو شارەکان و ئەنجامدانی چالاکی .

قۆناغی سێیەم : ١٩٦١-١٩٧٠: قۆناغی بەشداریکردن لە شۆڕشی ئەیلول و چالاکییەکانی شۆڕش و سەلماندنی ڕۆڵ و توانای ئافرەت.

قۆناغی چوارەم :١٩٧٠-١٩٧٥: کاتی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئادار، لەم قۆناغەدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە فەرمی دەستی بە خۆڕێکخستن کرد و کۆنفرانس و کۆنگرەی بەست و پەیڕەو و پرۆگرامی بۆ خۆی دانا.

قۆناغی پێنجەم : ١٩٧٥-١٩٩١: قۆناغی کار کردن لە تاراوگە.

قۆناغی شەشەم : قۆناغی دوای ڕاپەڕین ، قۆناغی گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان و ئامێزی جەماوەری ئافرەتان و خەباتی مەدەنی.

**٥- بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی کەی و لە کوێ بوون ؟**

کۆنگرەی یەکەم:

لە ڕێکەوتی ١-١٩٦٣/٢/٤ بە نهێنی لە ماڵی بەهیە مەعروف بەسترا و، ناوی ڕێکخراوەکە لە (یەکێتی ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق)ەوە گۆڕا بۆ (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان).

کۆنگرەی دووەم:

لە ڕێکەوتی ١٩٧٠/٩/٢٥ شاندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئامادەی کۆنگرەی (اتحاد نساء العراق) لە شاری بەغدا دەبن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دوو ڕێکخراوە لە زۆر ڕووەوە هاوئامانج نابن، شاندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی پارێزگاکانی (دهۆک، نەینەوا، کەرکوک، سلێمانی، خانەقین) لە کۆنگرەکە پاشەکشە دەکات.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٧١/٤/١٨ لە بەغدا کۆنگرەی دووەمی خۆی بەست و چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگی دەرکرد، کە لەگەڵ بارودۆخی ئەوکات دەگونجان و بەڕێز زەکیە ئیسماعیل حەقی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

لە ١٩٧٢/٢/١٣ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی سێیەم یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەستووە.

کۆنگرەی سێیەم:

لە ڕێکەوتی ٢٧-١٩٧٢/٤/٢٩ دا لە مەسیف سەلاحەدین کۆنگرەی سێیەم بەسترا و بەڕێز زەکیە ئیسماعیل حەقی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازار، لە ئەنجامی پیلانی خیانەتکارانەی جەزائیر و ئاوارەبوونی گەلی کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤-١٩٨٣، ئافرەتان بە دەگمەن دەیانتوانی چالاکی بنوێنن.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٩١ لە تاراوگە دەستەی باڵای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ ڕێکخستنی ئافرەتان و ڕاپەراندنی کاروباریان لە ئاوارەییدا پێک هێنرا و وەزیرە پیرداود وەک سکرتێر دەستنیشان کرا.

کۆنفرانسی شەهید لەیلا قاسم لە ١٩ – ٢٣ /١٩٩٢/٢ دا لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەسترا و نوێنەرانی شارەکانی(کەرکوک، سلێمانی، دهۆک و هەولێر) بەشدارییان تێدا کرد و ئەم کۆنفرانسە ئاماژە بە پەیڕەو و پرۆگرام کرا و بڕیاری گرنگ دەرکرا، هەرچەندە کۆنفرانس بوو، بەڵام دەسەڵاتی کۆنگرەی بە خۆی دا و بەڕێز شیرین ئامێدی بە سکرتێر دانرا.

کۆنگرەی چوارەم:

لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٧/٢٧ لە شاری هەولێر لەژێر دروشمی یەکسانی بەسترا و نوێنەرانی لقەکانی(دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، رانیە، سۆران و ئاکرێ و هەڵەبجەی شەهید و ڕێکخستنەکانی ی.ئ.ک. لە دەرەوەی وڵات) بەشدارییان تێداکرد و بەڕێز شیرین ئامێدی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی پێنجەم:

لە ڕێکەوتی ٢٧ – ٣٠ /٢٠٠١/١٠ لە شاری هەولێر لەژێر دروشمی (ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی) بەسترا و پەیڕەو و پرۆگرامی نوێ داڕێژرا و و سەرکردایەتێکی نوێ هەڵبژێردرا و بەڕێز شیرین ئامێدی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی شەشەم:

لە ڕێکەوتی ١٢-١٤ /٢٠٠٧/٣ بە ئامادەبوونی (١٧٥) ئەندام کە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان-یان دەکرد لە گشت

شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دروشمی (پەرەپێدانی توانای ئافرەتان لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان) لە هەولێردا بەسترا و بەڕێز دکتۆر کوردستان موکریانی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی حەوتەم :

لە ڕۆژی ڕێکەوتی ٤-٢٠١٠/٨/٥ لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ژێر درووشمی ( بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئایندەیەکی پرشنگدارتر ) دەستی بە کارەکانی خۆی کردو بەڕێز د.ڤیان سلیمان، بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی هەشتەم :

لە ڕێکەوتی ٣-٢٠١٨/٩/٤ لە ژێر ناوی (نیشتیمان) و بە دروشمی (تواناسازی ئافرەت، جڤاکی پێشکەوتوو) بە ئامادەبوونی (١٦٦) ئەندام، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەشتەمین کۆنگرەی لە هەولێری پایتەخت بەست و بەڕێز د.ڤیان سلیمان بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

**٦-ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چ بووە؟**

ئامانجی سەرەکی و تەوەری دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە خۆی لە برەودان بە هزر و توانای ئافرەت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی و بەشداریکردنی لە پرسە نەتەوەیی و جڤاکی، هاوتای ڕەگەزی بەرامبەر دەبینێتەوە، بەشداریکردنی ئافرەت لە خەباتی نەتەوەیی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئافرەت خۆی بە هاوبەش دەزانێت بۆ هەموو ئەرکە نەتەوەییەکان لەو پێناوەشدا هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە دەمانگەیەنێت بە ئامانجی دووەم، کە ئەویش یەکسانییە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا

لـە سـەرجەم جومگەکانـی ژیانـی جڤاکـی مـرۆڤ ، لـەم پێناوەشـدا یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کاری کـردووە بـۆ داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی ئافـرەت و چەسپاندنی یەکسانی و بەرەنگاربوونـەوەی کلتوری پیاوسـالاری هـەروەهـا، بەشـداریکردنی ئافـرەت لـە سـەرجەم بوارەکانـدا بـە شـێوەیەکی کارا و یەکسان

**٧-ئەندامبـوون لــە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و وەرگرتنـی بەرپرسـیاریەتی تێیـدا چۆنــە؟**

بـە پێـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـە لـە کۆنگـرەی هەشـتەم بڕیـاری لێدراوە، هەمـوو ئافرەتێکـی کوردسـتانی دەتوانێ ببێتـە ئەندام لـەم ڕێکخراوەدا، بـەو مەرجەی تەمەنـی لـە (١٦) سـاڵ کەمتـر نەبێـت، بـڕوای بـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی ڕێکخراوەکـە هەبـێ، فۆرمـی ئەندامێتـی پـڕ بکاتــەوەو ئابوونــەی بــە ئەندامبـوون بـدات.

هەمـوو ئەندامێکـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، دەتوانێـت لـە ئۆرگانەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بەرپرسـیاریەتی وەربگرێـت بـەو مەرجانـەی کـە لـە پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ دیـاری کـراوەو ئـەو ڕێنماییانـەی کـە مەکتەبـی سـکرتاریەت دەری دەکات کـە بریتیـن لـە :

١- بـاوەڕی بـە ئامانجەکانـی ڕێکخـراو هەبێـت و لەخۆبوردوانـە کار بـۆ بەدەسـتهێنانیان بـکات.

٢-بـاوەڕی بـە یەکسـانی هەبێـت و ئـەو بـاوەڕەش لـە هەڵسـوکەوت و کردارەکانیـدا ڕەنـگ بداتـەوە.

٣- پابەندبـوون بـە ئـەرک و بەرپرسـیاریەتی لـە ڕێکخـراودا بـە پێـی پەیـڕەوی ناوخـۆ.

٤- هـزری پـەروەردە بـکات بـە بیرۆکـەی نـوێ و ئەندێشـەی پێشـکەوتوخوازانە بـۆ پێشـکەوتنی ڕێکخـراو.

## ٨-بنكـه و ئۆرگانەكانـی لـە كوێـن و چـون پێیـان دەگەیـت ؟

ئۆفیسی سەرەكی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان مەكتەبی سكرتاریەتە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان. (٢٤) ئەنجومەنی هەیە كە ئۆرگانی باڵایە لە دوای مەكتەبی سكرتاریەت و هەریەكە لەم ئەنجومەنانەش سەرپەرشتی چەند ناوەندێك دەكەن، هەروەها لە ڕێگەی ناونیشانی ئەلیكترۆنی ماڵپەری یەكێتی ئافرەتانی كوردستان (www.afretan.org)هەموو ئافرەتێكی كوردستان نشین و ئافرەتانی كوردی تاراوگە دەتوانن پەیوەندی بە یەكێتی ئافرەتانی كوردستان بكەن و ببن بە ئەندامی ئەم ڕێكخراوە، لە كۆتایی نامیلكەكەدا خشتەیەك سەبارەت بە ئەنجومەن و ناوەندەكانی خراوەتەوە بەردەست.

## بەشی دووەم

## جیهانبینی
## یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

**١-ڕەگ و ڕیشەی هزری لە پشت دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چیە؟ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی یەکێتی ئافرەتانی دامەزراند؟**

هەر ڕێکخراوێک کە دادەمەزرێت و ڕادەگەیەنرێت پێویستە ڕەگ و ڕیشەیەکی هزری هەبێت، بەو واتایەی چوارچێوەی هزری ئەم ڕێکخراوە چیەو دیدو جیهانبینی لەسەر چ بنەماگەلێک دامەزراوە. هزری پشت دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە یەکەمین پارتی کوردی بوو جیاواز لە ئەزموونەکانی پێش خۆی توانی سەرتاسەری خاکی کوردستان بە هەموو جۆراوجۆریە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کۆبکاتەوە لە چوارچێوەی حزبێکی دیموکراتخوازی نیشتمانیدا، لەپاڵ ئەمەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی گۆرانکاری بنچینەیی لەناو کۆمەڵگەی کوردی دەدا. لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵی پێشخستنی پرسی ئافرەتی دەدا، کە لەو کاتەدا هەستیارترین پرس بوو، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا دابونەریتەکان بە تەواوی بەسەر کۆمەڵگەی کوردی زاڵ بوون. پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی شەپۆل، خەباتی بۆ بەدەستهێنانی مافی ئافرەت دەست پێ کرد و لەپاڵ پرسی نەتەوەیی، پرسی ئافرەتی لە کاری حیزبیدا جێ کردەوە. هەرزوو یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی دامەزراند، بۆ

ئەوەی خودی ئافرەت بکەوێتە کار و بە دنیابینی خۆی هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، لەم چوارچێوەیەشدا دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە سەرەڕای ئەوەی هەوڵێک بوو بۆ سەرهەڵدانی بەهای مرۆیی نوێ لە ناو کۆمەڵگەو سەرەتایەکی زەمینەسازی بوو بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ، لە هەمانکات سیمایەکی پێشکەوتوخوازانەی بەم حیزبە بەخشی.

### ٢-ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستانی چیە؟

ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسی ئافرەت کە لە بنەڕەتدا خودی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئافرەت دامەزراوە، ڕوانگەیەکی هەمەلایەنەو کراوەیە بە جۆرێک کە لە کاتی گۆڕانکاری و تێپەڕاندنی هەر قۆناغێک، جیهانبینی ئەم ڕێکخراوە بۆ پرسی ئافرەت گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئامانج و داواکارییەکانی لە ئاستێکدا ڕاناگرێت، بەڵکو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوێکی کارتێکراوە بەو پێشکەوتنانەی کە بزوتنەوەی فیمینیزمی جیهانی پێیدەگات و بڕوای وایە کە قۆناغێک و کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ گەیشتن بە سەرجەم داواکارییەکان، بەڵکو بەردەوامی و نوێگەری کرۆکی کاری ڕێکخراوەیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە.

لەروانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پرسی ئافرەت پرسێکی مرۆییەو دوورە لە هەر جیاکارییەک لە نێوان هەردوو رەگەز، لە دیدی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە کێشەی ئافرەت کێشەی پیاویشەو هۆکاری سەرەکی ناهاوتایی نێوان ئەم دوو رەگەزە پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگەیە، کە

چەندین یاسای کۆمەڵایەتی نەنووسراو، بەڵام کارپێکراو و پیادەکراویان هێناوەتەوە ئاراوە، کە بە هێزترن لە یاسا نووسراوەکان و بەهۆیانەوە ئافرەت توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ و دەکوژرێ، یاخود ناچار بە خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەکرێ، هەربۆیە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، خەباتی خۆی دژ بە پیاو ئاراستە ناکات، بەڵکو دژ بەو هزرە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارە رێک دەخات، کە دەیەوێت دەسەڵاتی سەرداری بدات بە پیاو و وەک پاشکۆ مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکات، ئێمە کۆمەڵگەیەکمان دەوێت مرۆڤسالار بێت کە هەمووان تێیدا یەکسان بن، عەقڵ بڕیار بدات، دەرفەت یەکسان بێت و رێز لە ئیرادە بگیرێت .

**٣-فێمینیزم چیە؟و ئایا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نوێنەرایەتی بزووتنەوەی فیمینیزم دەکات لە هەرێمی کوردستان؟**

چەمکی فیمینیزم لەهەر کوێیەک بەرچاو بکەوێت و بخوێنرێتەوە مەبەست لێی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئافرەتانەو، هەڵگرانی بیری فیمینیزمی بڕوایان بەوە هەیە کە ئافرەت بە هۆی مێبوونی دەچەوسێنرێتەوەو دەبێت کار بۆ هەڵگرتنی چەوسانەوەکانی سەری بکرێت، ئەگەرچی لە بنەمادا فێمینیستی بیرۆکەیەکی سیاسی بزووتنەوەی ئافرەتانی ڕۆژئاوایە دژی کلتوری پاتریارکی، بەڵام ئێستا بۆتە چەمکێکی جیهانی و شێوەیەکی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە، کرۆکی بیری فیمینیستی ئەوەیە، کە ئافرەت ژێردەستەو چەوساوەیەو دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ نەهێشتنی ئەو ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیە، بەو پێیەش هەر تێکۆشانێک بۆ نەهێشتنی جیاکاری بەرامبەر ئافرەت و بەدیهێنانی یەکسانی بە شێوەیەک لە شێوەکان بنەمایەکی فێمینیستانەی هەیە، هەربۆیە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خۆی بە بەشێک لەو بزاڤە جیهانییە دەزانێت و لە چوارچێوەی

پێناسەکەیدا ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە (لە چوارچێوەی بزووتنەوەی فیمینیزمی جیهانیدا کار بۆ گەیشتنی ئافرەت بە مافەکانی دەکات)، لە کاتێکدا کە فیمینیزم بۆ خۆی چەندین لقی وەک (لیبرال، سۆسیالیست، رادیکاڵ، مارکسیست، ماتریالیست، کۆنزەرڤاتیڤ، جوداخواز، پۆست مۆدێرن) و هی دیکەشی لێ بۆتەوە، ئەمەش بە پێی جیاوازی بیروبۆچون دەربارەی پرسی ئافرەت و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو پرسە. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو ڕوانگەوە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی فیمینیزمی جیهانی لە کوردستاندا دەکات و بەشێکە لەو بزووتنەوە جیهانییە، لە هەمانکات هیچکام لەو لقانە بە تەواوی و دیاریکراوی هەڵنابژێرێت، بەڵکو ئەو لقەی، کە باوەڕی پێیەتی و خۆی تێدا دەبینێتەوە، بزووتنەوەی فیمینیزمی کوردستانییە، واتە هەریەک لە لقەکانی فیمینیزم هەڵقوڵاوی کات ، شوێنێکی دیکەو هەلومەرجێکی دیکەن، بەڵام ئێمە خەبات بۆ پرسی ئافرەت دەکەین لە کوردستاندا و ئافرەتانی کوردستان کێشەی تایبەتی خۆیان هەیەو دەبێت هەر هەوڵێک لەم ڕاستایەدا وەڵامی کێشەکانی خودی ئافرەتی کوردستانی پێ بێت.

### ٤-یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ چ داهاتویەک بۆ ئافرەتانی کوردستان کار دەکات ؟

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کار دەکات بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردستان بە هەموو مافەکانیان بگەن. ئەو مافانەی کە هەموو مرۆڤێک پێویستە هەیبێت و ئەو جیاوازییانەی کە بوونیان هەیە و بوونەتە هۆکاری ئەوەی، کە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکەی دیکە شیاوتر و پەسەندتر بێت، نەمێنێت، پرسێک نەمێنێت بە ناوی پرسی ئافرەت و چەوسانەوەی ئافرەت، بەڵکو هەموو لە پێناو پرسی مرۆڤایەتی کار بکەین و بەها مرۆڤایەتییەکان بچەسپێنین لە کۆمەڵگەدا، داهاتووی کۆمەڵگەکەمان کراوە بێت بە ڕووی گۆڕانکاری و نوێکارییەکاندا

دوور لە چەقبەستوویی، ئافرەت لە نەهامەتییەکان ڕزگاری بێت، سیستەمێک پەیڕەو بکرێت لە کۆمەڵگەدا کە هیچ ڕێگرییەک لە ئافرەت نەکرێت و ئافرەت خاوەن هەمان بەها وسەنگ وپێگەی پیاو بێت، بە هەمان شێوەی ئەو خاوەنی خودی خۆی و بڕیاردانی بە دەستی خۆی بێت و هەڵبژاردەکانی ژیانی بە پێی خواست و ئارەزووی خۆی بێت ، دەنگی ئافرەت لە هەموو ناوەندەکاندا بیستراو بێت و دونیابینی ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیاردا ڕەنگدانەوەی هەبێت و ئافرەت لە هەموو پۆستە بالاکاندا هاوبەشی راستەقینەی پیاو بێت.

**٥-بیروڕای سیاسی و ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان چیە؟**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوێکی جەماوەری ئافرەتان لە ژێر چەتری پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەربۆیە ڕوانگەی سیاسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەمان ڕوانگەی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، واتە لەپاڵ هەوڵدانمان بۆ پێشخستنی پرسی ئافرەت، هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ سەرخستنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە دیدی ئەم ڕێکخراوەدا بزووتنەوەی ئافرەتی کوردستانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوە هاوئاستەو ئافرەتی کورد هاوبەشی ئافرەتانی جیهانە لە ئافرەتبوونی و هاوبەشی نەتەوەکەیەتی لە خەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و لەو پێناوەدا ئامادەی هەر ئەرک و قوربانیدانێکین. کار دەکەین بۆ ئەوەی ئافرەت وەک کەسایەتییەکی هۆشیار بەشداری خەباتی سیاسی نەتەوەیی بێت و لەو خەباتەدا هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی نۆرم و رۆڵە ڕەگەزییەکان بدات، کە دەیەوێت رۆڵی ئافرەت سنووردار بکات. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە هەموو تواناکانی پشتیوانی لە گوتاری ڕابەری نەتەوەو نیشتیمان

بەرێز (مەسعود بارزانی) دەکات کە مەنەفێستی نیشتیمانی و ڕێرەوی خەباتی گەلی کوردستانە بەرەو سەربەخۆیی.

## بەشی سێیەم

## ئەرک و شانازیەکانی
## یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

### ١-دەستکەوت و شانازییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چین؟

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وێرای ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پەیامی داکۆکیکردن و یەکسانی بۆ ئافرەت هەڵگرت لە هەمانکات ئەو ڕێکخراوەیە کە شانازی بەشداری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەی پێ دەبڕێت و لەو میانەشدا چەندین ناوی درەوشاوەلە مێژوویدا گەواهی ئەو ڕۆڵەی بۆ دەدەن، کە شەهید لەیلا قاسم بوو بە سیمبۆلی ئەو ئافرەتانەو لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەی چوو بەر پەتی سێدارە، بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێتی ئافرەتان بەرجەستەی ڕۆڵی ئافرەتی کوردستانی کردووە لە ئەرکە نەتەوایەتییەکەی، هاوکات یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بواری خەباتی مەدەنی و هێنانە کایەی یەکسانیدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتی کوردستان بە مافەکانی و چۆنیەتی داواکردنی ئەو مافانە. پشکی شێری هەبووە لەبەرەوپێشچوون و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە ماوەی دەسەڵات و حوکمی پارتیدا لە رەوشی ئافرەتانی کوردستان روویان داوە لە تەواوی جومگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

دوای راپەڕین و لە خەباتی مەدەنیدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە پەرەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستانی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی گرنگ لە بە یاسایی کردنی مافەکانی ئافرەت و بە

دامەزراوەیی کردن و دانانی میکانیزم بۆ پاراستنیان لە توندوتیژی، لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەت بە مافەکانی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە گرنگی ڕێزگرتن لە مافەکانی ئافرەت، لە پێگەیاندنی کادری بە توانا و شارەزا لە تێکڕای بوارەکاندا و لەو بوارەشدا بە دەیان کادری یەکێتی ئافرەتان ئێستا لەناو دامەزراوە گرنگەکانی ئەم وڵاتەدا ڕۆڵی شایستە دەگێڕن، لە هەر قۆناغێکدا دروشمی نوێی بەرز کردۆتەوە و ئامانجی پێشکەوتووی کردۆتە بنەمای کاری خۆی، لەبەر ئەم مێژووە پرشنگدارە و گرنگی ئامانجەکانی و توانا و دڵسۆزی کادرەکانی بە بەردەوامی پارێزگاری لە پێگەی خۆی کردووە وەکو ڕێکخراوی پێشەنگ و ناوەندێکی گرنگی هۆشیاری و پێگەیاندنی ئافرەتان.

## ٢-ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چ شانازیەکیان پێدەبرێت ؟

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوی هەموو ئافرەتانی کوردستانە. هەر ئافرەتێک کە ببێت بە ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەندامە لە ڕێکخراوێکی خاوەن مێژووی پڕشنگدار و پڕ لە دەستکەوت و سەروەری، تایبەتمەندە بەوەی وابەستەی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی سنووردار نییە و هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەک ناسەپێنێ بەسەر ئەندامەکانیدا و چوارچێوەیەکی هزری داخراوی نییە، بەڵکو ڕێکخراوێکی کراوەیە بە ڕووی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکاندا لە چوارچێوەی نیشتیمانپەروەری و یەکسانی نێر و مێی مرۆڤ لە دەرفەت، دەستکەفت و بەرپرسایەتیدا، بۆیە ئەم هۆکارانە و چەندینی دیکەش شانازی دەبەخشن بە ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

## ٣-كادری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کێ دەبێت و دەبێت چۆن بێت ؟

کادری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەبێ هەڵگری ئەم ئەدگارانەی خوارەوە بێت:

- دەبێ لە پێش هەر شتێک، هەوڵی خۆئازاد کردن لە دابونەریتە دواکەوتووەکان بدات، باوەڕی تەواوی بە مافی یەکسانی ئافرەت هەبێت و ئەو باوەریەش لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ڕەنگ بداتەوە. خاوەن رۆشنبیری فیمینیستی و ڕۆشنگەری بێت بۆ ئازادی و یەکسانی ئافرەت.

-شارەزایی هەبێت لە بواری کاری ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخراوەکەی خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی، ئاگاداری قۆناغەکانی مێژووی کاری ڕێکخراوەکەی خۆی بێت، پابەندی تەواوی بە پرۆگرامی ڕێکخراوەکەیەوە هەبێت و هەوڵی بە کردەیی ئەنجامدانی بدات و پێشنیازی بە سودی هەبێت بۆ زیاتر پێشخستنی .

- پێویستە کادر کەسێکی کۆمەڵایەتی و ئەکتیڤ بێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، خۆسازێن بێت لەگەڵ ژینگەکەی و بەشداری ئافرەتان بێت لە بۆنە تایبەتییەکان .

- دەبێت کادری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەوە بزانێت کە مەودای کاری ئەم ڕێکخراوە لە چوارچێوەی دیدو سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەو پێویستە هەوڵی جدی بدات بۆ چەسپاندن و گەیاندنی بەرنامەی پارتی بە ئافرەتانی کوردستان و دیدو بۆچوونی پارتی لەمەڕ مەسەلەکانی ئافرەت بە ئافرەتان رابگەیەنێ وهەروەها خەم و پێداویستی ئافرەتانی کوردستانیش بگەینێتە پارتی بۆ ئەوەی لە بەرنامە سیاسی و حکومەتدارییەکەی جێگەی بۆ بکاتەوە و لەم رێگەوە سەنگ و کێشی دەنگی ئافرەتانی کوردستان بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستان

ڕاکێشـێت.

**٤–کادری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردستان چۆن کار لەسـەر خۆپێگەیانـدن دەکات؟**

– پەرەپێدانـی ئاسـتی هوشـیاری پێداویسـتییەکی سـەرەکی هەمـوو کادرانـی ڕێکخراوەو پێویسـتە کادر لـە ڕێگای کەناڵـی جیـاوازەوە هەوڵـی خۆڕۆشـنبیر کـردن بـدات و کەسـێکی خوێنـەر بێت و سـوود لـە سـەرچاوە مەعریفییـەکان وەربگرێـت .

–زانیـاری هەبێت بۆ پرس و کێشـەکانی ئافرەت و بەدواداچونـی هەبێـت بـۆ بـڵاو کـراوەو گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان بە تایبەت ئەوانـەی کە لەسـەر ئافرەت دەردەچـن .

– لە بواری سیاسـی دا پێویسـتە کادری ڕێکخراو کەسـێکی هۆشـیارو چـاو کـراوە بێت. بەدواداچونـی بـۆ ڕووداوە سیاسـییەکان هەبێـت و ڕۆژانـە چاودێری هەواڵـە سیاسییەکان بکات و هەوڵی زیاد کردنـی ئاگایـی سیاسـی خـۆی بـدات .

– هۆشیاری یاسایی هەبێت و ئاگاداری یاساکانی تایبـەت بـە ئافـرەت و خێـزان بێـت بـە تایبەتـی یاسـای بـاری کەسـی و یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی خێـزان، ئـاگاداری هەبێـت لـە بـارەی یاسـا هاوشـێوەکان لـە وڵاتانی تر و بـاری ئافرەتـان لـە ڕووی یاسـاوە، ئەمانـە و چەندیـن ڕێگای دیکـە هـەن کـە پێویسـتە کادری ڕێکخـراوی ئافرەتـان بیانگرێتەبـەر بـۆ ئـەوەی بتوانێـت لـە ئاسـت ئـەو ئەرکـەدا بێت، کـە لـە ئەسـتۆی دایـەو ڕۆڵـی هەبێت لـە پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی ڕێکخـراو .